مەترۆی ئاسمانی و ئۆتۆستراد؛ دوو هێڵی سەرەکی گواستنەوەی هەولێر لە ساڵی ٢٠٢٥ەوە

هەردوو هێڵەکە ٦٥ کم درێژ دەبن و ٤٢ بەشی هەیە

بەردەوامی لە ل ٦ ی ٤٢ بەشی هەیە

مەترۆی ئاسمانی و ئۆتۆستراد؛ دوو هێڵی سەرەکی گواستنەوەی هەولێر لە ساڵی ٢٠٢٥ەوە

هەردوو هێڵەکە ٦٥ کم درێژ دەبن و ٤٢ بەشی هەیە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی هەولێر ڕایگەیاند، دوو هێڵی سەرەکی گواستنەوەی هاوچەرخ لە هەولێر دادەمەزرێنرێت، کە یەکەمیان مەترۆی ئاسمانی و دووەمیان ئۆتۆستراد دەبێت.

ئەو دوو هێڵە سەرەکییە بە درێژایی ٦٥ کم دادەنرێن و ٤٢ بەشی هەیە، کە ٢٧ بەشیان بۆ مەترۆی ئاسمانی و ١٥ بەشیان بۆ ئۆتۆستراد تەرخان کراوە.

بەڕێوەبەرایەتییەکە ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەو پڕۆژانە بە ئامانجی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی هاتووچۆ لە ناوەندی شارەکە و ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان جێبەجێ دەکرێن.

ئەو ڕایگەیاندنە هاتووە دوای ئەوەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ هەردوو پڕۆژەکە تەواو بوو، کە ماوەی ٢٤ مانگی خایاند.

بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕوونیشی کردەوە، کە ئەو لێکۆڵینەوانە لەگەڵ کۆمپانیایەکی تایبەتمەندی نێودەوڵەتی ئەنجامدراون.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەی هەولێر